

# تەوەری چیرۆکی کوردی

## گێڕانەوەی کارەساتەکان

زۆرجار قسەو باسی جیاواز لەسەر ڕوداوو کارەسات و ڕەنگدانەوەی لە چیرۆك و بەرهەمی ئەدەبیدا گفتوگۆی هەمەلایەنەی لەسەر دەکرێت، ئێمەش سەبارەت بە دوو پرسیار لەو کێشەیە کە:

ئایا کارەسات و ڕوداوەکان تا چەند کاریگەرییان لەسەر ئەدەب و بەرهەمی ئەدەبیی ئێمە هەبووە؟

ئایا چیرۆکی ئێمە لە ڕوی پۆلینکارییەوە کاریگەریی قۆناغێك لە قۆناغەکانی پێوەدیارە؟

بۆ وەڵامی ئەم دوو پرسیارە هەریەك لە بەڕێزان (عەتا نەهایی، مامۆستا جەعفەر، توانا ئەمین، ئیسماعیل حەمەئەمین، سابیر ڕەشید) لە گۆشەنیگای جیاوازەوە لەم تەوەرو باسە دوواون..

ئا: ئیدریس عەلی

**عەتا نەهایی:**

**نووسەری كورد نەیتوانیوە شایەتێكی تەواوو متمانەپێكراوی ئەم ژیانە پڕ لە كارەساتە تراژدییە بێت!..**



* كەسانێك هەن كە دەڵێن نووسینی چیرۆك و گێڕانـەوەی كارەسـات مـومكین نییـە و كەسانێكیتریش پێیانوایە گێڕانـەوەی چیرۆكی كارەساتەكان كردەیەكی بێڕەوشتانەیە! . ئەوەی كـە پێـی دەگـوترێ كارەسـات، یـان كارەسـاتی تراژیـدی، كۆمـەڵێك رووداوی واقـیعین، كـە بەرلەوەی بگێڕدرێنەوە یان ببن بە بابەتی چیرۆك و رۆمـان و هـەموو جۆرە بەرهـەمێكی ئـەدەبی و هونەریی تر، روویانداوە و كەم یان زۆر كۆمـەڵێك قوربانییان لـێ كەوتووەتـەوە، كارەسـاتیش وەك هەموو رووداوێكی واقیعیـی تـر دیاردەیـەكی فـرە رەهەند و فرە لایەنە، كـە بەشـێك لـەو رەهەند و لایەنانـە دیـار و بەرهەسـتن و بەشـێكی زۆرتریـان نادیـار و نابەرهەسـتن. بێگومـان هـیچ چیرۆك و رۆمـان و بەرهـەمێكی تـری ئـەدەبی و هونـەری ناتوانێـت رووداوێكـی واقیعـی، بـە تایبـەت كارەسـاتێكی تراژیـدیك، وەك چـۆن روویـداوە بیگێڕێتـەوە یـان بنوێنرێتـەوە. ئـەوەی كـە دەگێڕدرێتەوە یان لە بەرهـەمێكی ئـەدەبیی وەك چـیرۆك و رۆمانـدا دەنوێندرێتـەوە خـودی رووداوەكە نییـە، بـەڵكو تەسـەوری نووسـەرە لـە رووداوەكە. رێگەم بدەن با بەشێوەیەكی تر شیی بكەمەوە. كارەسات كۆی ئەو ساتەوەختانەیە كە لەواندا مرۆڤ یان كۆمەڵە مرۆڤێك تووشـی خـەم و مەینـەتی و ئـازار و مـاڵوێرانی و كـۆچ و ڕەو و برینـداربوون و كـوژران دەبـن. سـامان و داراییـەكانیان، تواناكانیـان، خـەون و خۆزگـەكانیان، خەیاڵـەكانیان بـۆ داهـاتوو، بیركردنەوە و هەست و شعووریان دەدۆڕێنن. هیچ مرۆڤێـك، هـیچ شـایەتێكی كارەسـات ناتوانێـت هەموو ئەم ساتەوەختە پڕ مەینەتی و بێئەژمارانە بـە زەیـنی بسـپێرێت و لەسـەر هێڵێكـی زەمـەنی بیانگێڕێتـەوە. هـەر مرۆڤێـك دەتوانێت بەشـێكی زۆر كـەم و بـچووكی ئـەم سـاتەوەختانە، بـە شێوەیەكی پارچە پارچە و كوت كوت و هەلاهـەلا لە یادەوەرییدا تۆمـار بكـات، زەیـنی نووسـەریش وەك هـەموو مرۆڤێكـی تـر بەشـێكی زۆر كـەم و بچووك لەم زەمەنـە پـچڕ پـچڕ و هەلاهەلایانـە راو دەكـات و بـەقـەدەر بـەربلاویی وزەی خـەیاڵ و بـەهرەی داهێنەرانـەی ئـەزموونی فكریـی خـۆی شكڵ و قەوارەیەكی نوێیان پێدەبەخشێتەوە و لە فـۆڕمێكی تایبەتـدا بـە كۆمپۆزسیـۆنێكی تـازەوە دەیانگێڕێتـەوە. كەواتـە هەڵـسەنگاندنی ئاسـتی چـەندی و چـۆنیی گێڕانـەوە و تـەوزیفكردنی كارەسـات لـە چـیرۆك یـان رۆمانـدا پەیوەنـدیی

راستەوخۆی بە ئەزموونی نووسەرەوە هەیە. ئەزموونی بینین، بیستن و هەستکردن بە ئازاری مرۆڤ و قوربانییەکان. دیارە ئەمە بەو مانایە نییە کە نووسەر دەبێ حەتمەن خۆی لە ژیانی خۆیدا وەك قوربانییەك راستەوخۆ هەموو ئەو ساتەوەختانەی ئەزموون بێت، بەڵکو بەو مانایەیە کە توانای هەستکردن و تێگەیشتن و ناسین (مەعریفە) و دەرکی قوربانییەکانی ببێت. بێگومان ئەزموونی نووسەر بۆ نووسینی چیرۆك و رۆمانی کارەسات بەمە کۆتایی نایەت. گرینگترین لایەنی بوونی ئەزموونی دیسان قەوارە بەخشینەوە بەم ساتەوەختە پچرپچڕانەی قوربانییەکانە. هەرکەس رەنگە بتوانێت هەموو ئەم ساتەوەختە پڕ لە نەهامەتییانەی ببینێت و بیستبێت و هەستی پێ کردبێت و لە هەموویان گرینگتر توانای ناسین و تێگەیشتن و دەرککردنیانی ببێت، بەڵام زۆر کەمن ئەو کەسانەی کە بتوانن فۆرم و قەوارەیەکی نوێ بەم ساتەوەختانە ببەخشن کە بە شیاوترین شێوە پەردە لەسەر هەموو لایەنەکانیان هەڵبداتەوە و زۆر کەمن ئەو کەسانە کە بتوانن ئەم ئەزموونە زهنییانە بکەن بە ئەزموونێکی درکاندن و لە چوارچێوەی چیرۆك یان رۆماندا بیانگێڕنەوە. راشکاوانە تر بڵێم، هەرچی تێگەیشتنی نووسەر لە لایەن و رەهەندە جیاوازەکانی کارەسات و کاریگەریی ئاڵۆزی ئەم رووداوە لەسەر جەستە و رۆح و سۆز و عاتیفەی مرۆڤەکان و ژیان و فکر و فەرهەنگی کۆمەڵگەکەی کەمتر بێت، گێڕانەوەکەشی رووکەشیترە. هەرچی بەهرەی داهێنەرانەی نووسەر و تواناکانی بۆ کەشفی زمانێکی جیاواز و فۆرم و شێوازێکی داستانیی شیاو بۆ گێڕانەوەی کارەسات نەویتر بێت، بەرهەمەکەی بێرەوشتانەترە. لە بیرمان بێت کە چیرۆك و رۆمان لە ناخ و جەوهەری خۆیدا داهاتەیەکی ستاتیکی و جوانکارانەیە، لە کاتێکدا کارەسات واقیعێکی تاڵ و دژ مرۆڤانەیە، کە هیچ جوانییەکی تێدا نییە. بە سەرنجدان بەم راستییە حاشاهەڵنەگرە دەتوانم بڵێم: نووسەرێك کە دەیهەوێت کارەساتێکی تراژیدیی واقیعی بکاتە بابەتی نووسینی چیرۆك و رۆمانەکەی، ئەگەر ئەوپەڕی وشیاریی رۆشنبیرانە و داهێنەرانەی بەرامبەر بە کردەکەی نەبێت، لە باشترین حاڵەتدا ئەم دیاردە تاڵ و ناحەزە دەکات بە بەرهەمێکی جوانی چێژبەخش، کە بێجگە لە گەمەکردن بە هەست و شعووری قوربانییەکان هیچیتری لێ ناکەوێتەوە.

نموونەیەك دەهێنمەوە: لە زۆر چیرۆکدا بینیومانە کە: «گوولەکان وەك پۆلە باڵندەیەك فڕین و لە هێلانەی سنگی کابرای گوێ دیوارەکەدا نیشتنەوە. ئەوسا چەند گوڵی سوور لەسەر سنگ و مابەینی مەمکەکانی پشکووتن..» یان «هەورێکی نارنجی باڵی بەسەر شارەکەدا کێشاو بارانی رەشی مردن دایکرد..» یان... ئایا بەکارهێنانی ئەم رستە جوان و شاعیرانە پڕ لە تەوسیف و تەشبیهە بۆ ساتەوەختێك کە مرۆڤێکی تێدا ئیعدام دەکرێت یان شارێکی تێدا بۆردوومانی کیمیایی دەکردرێت، هەوڵێك نییە بۆ جوانکردن و رازاندنەوە و چێژبەخشینی ئەم دۆخ و ساتەوەختە، کە پڕە لە گرژی و ناحەزی و دوورە لە هەموو جۆرە چێژ و جوانییەك؟ ئایا ئەمە کردەیەکی تا سەر ئێسقان بێئەخلاقانە نییە؟ یان ئەگەر لە چیرۆك و رۆمانێکی تایبەت بە

گێڕانەوەی کارەساتێکی تراژیدیدا نووسەر زمانی مامۆستایانە و فەیلەسووفانەی بپژێت و مەیدانی گێڕانەوەکەی لەگەڵ کەلاسی زانکۆ لێ تێکبچێت و لە تاڵترینی ئەو دۆخ و ساتەوەختانەدا کە مرۆڤەکانی تیادا دەمرن یان ئازار دەکێشن و ئێمەی خوێنەریش قەرارە تاڵترینی هەستەکانیان بئەزموونەوە، بکەوێتە فەلسەفەبازی و تیۆریزەکردنی کارەسات و قوربانی و جەلاد و چی و چی... ئایا ئەمە گەمەکردن بە ژیان و هەستی قوربانییەکان و ژیان و هەستی خوێنەرەکان نییە؟

لەم دوو سێ مانگەی رابوردوودا خەریکی تەرجەمەی رۆمانێك بووم بە ناوی «قەسابخانەی ژمارە پێنج» لە نووسینی «کورت ڤۆنێ گات» نووسەری بەناوبانگی ئەمریکی و براوەی خەڵاتی نۆبڵ، کە بابەتی رۆمانەکە کارەساتی بۆردوومانکردنی شاری «درێسدێن» و کوژرانی 130000 کەس لەم کارەساتەدایە. نووسەر کە خۆی لە کاتی بۆردوومانەکەدا لە شاری درێسدێن دیل بووە و شایەتی ئەو کارەساتە تراژدییە بووە، لە کاتێکدا دەیان کتێبی لەبارەی ئەو کارەساتەوە خوێندووەتەوەو لە رۆمانەکەیدا نموونەیان لێ دەهێنێتەوە، بەڵام زۆرترین و جەسوورانەترین هەوڵی داوە کە لە لایەنی بێڕەوشتانەی کردەکەی کەم بکاتەوە. ئەو هیچ هەوڵێك بۆ جوان نووێنی و چێژبەخشینی رۆمانەکەی نادات و بە هیچ شێوەیەك خۆی لە قەرەی شیکاریی فەلسەفیی چەمکەکان نادات. ئەو بۆ نووسینی بەرهەمەکەی زمانێك بەکاردەهێنێت، یان با بڵێم رووپەڕێك لە زمان کەشف دەکات، کە هیچ جوانی و رازاندنەوەیەکی ئەدەبیی تێدا نییە. زمانێکی وەك خۆی دەڵێت بروسکەیی و شیزۆفرێنیك، کە بەکارهێنانی ئەو زمانە خۆی لەخۆیدا رووخاندنی دۆخێکی ئاسایی زمانی ئەدەبی یان کارەساتێکە لە زمانی ئەدەبیدا.

فۆرم و شێوازی گێڕانەوەکەشی هەلاهەلا و پارچە پارچەیە. واقیع و خەیاڵ ئەگەرچی شانبەشانی یەکترن، بەڵام هەم رووداوە واقیعییەکان و هەم رووداوە خەیاڵییە فانتاستییەکان لە دۆخ و فەزایەکی ئایرۆنیك و تەوساویدان. وێڕای ئەو فەزا و گێڕانەوە ئایرۆنیکەش، رووداوە خەیاڵەکان لە رووداوە واقیعییەکان تاڵتر و ترسناکترن و، خوێنەر لەناو ئەم دۆخ و رووداوە واقیعی و خەیاڵیانەدا هەست بە ترس و گومان و نائومێدی و مەرگ دەکات.

ئەم پێشەکییە دوور و درێژە بۆ ئەوە بوو کە پاساوێك بۆ کورتیی وەڵامی پرسیارەکەی ئێوە بهێنمەوە، یان هۆکارەکانی نەتوانینی نووسەری کورد بۆ گێڕانەوەی کارەساتەکان شی بکەمەوە. بە دڵنیاییەوە تەقەلای نووسەرانی کورد بۆ گێڕانەوەی کارەساتەکان هەم لەباری چەندی و هەم لە باری چۆنییەوە بە بەراورد لەگەڵ ئەو کارەساتە تراژیدیکانە کە کورد لانیکەم لە سەد ساڵی رابوردوودا لەگەڵیان رووبەڕوو بووەتەوە، نەوەك هەر زۆر کەم، بەڵکو کورد گوتەنی لە جوملەی نەبوانە. ژیانی کورد لانیکەم لە سەد ساڵی رابوردوودا نەوەك هەر ژیانێکی پڕ لە کارەسات، بەڵکو خۆی کارەسات بووە. شەو و رۆژی کورد ئەو شەو و رۆژانە بوون، کە تیایدا کوژراوە، لەسێدارە دراوە، کۆچی بەکۆمەڵی پێکراوە، تووشی کوشتنی بەکۆمەڵ و بۆردوومان

و شاروێرانی و سووتان و کیمیاییباران و براکوژی و چی و چی بووە. بەدڵنیاییەوە نووسەری کورد وێڕای هەوڵ و تێکۆشانیان، هەرگیز نەیانتوانیوە شایەتێکی تەواو متمانەپێکراوی ئەم ژیانە پڕ لە کارەساتە تراژدییە بن. ئەم ژیانە پڕ لە کارەساتە ئەوەندە نەگێڕدراوەتەوە کە زۆر بە جیدی مەترسیی فەرامۆشکرانی لێدەکرێت، دیارە ئەمەش گەلێك هۆکاری جۆراوجۆری سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و فکریی هەیە. لە کۆمەڵگەی کوردی و لەناو جەنجاڵی ژیانی ئەم گەلەدا، داهێنانی ئەدەبی و بە تایبەت چیرۆك و ڕۆمان هەرگیز نەیتوانیوە ببێتە بابەتێکی جیدی. دیسکۆرسی ئەدەبی لە کۆی خۆیدا دیسکۆرسێکی پەراوێزی بووە، کە کەم کەس و نووسەری بەتوانای بەرهەمهێناوە. خودی ئەم کەمە نووسەرەش لەبەر هەندێك هۆی تایبەت کە پەیوەندیی بە فەزای فکری و فەرهەنگی و سیاسیی کۆمەڵگەکەوە هەیە، نەیتوانیوە ئەزموونە هەستی و هەستەوەرییەکانی خۆی، کە بەشداربوون لە خەم و مەینەتیی قوربانییەکانە، لەگەڵ مەعریفە و تێگەیشتنێکی قووڵ لەلایەن و ڕەهەندە جیاوازەکانی کارەسات لێکبدات و بە پشتبەستن بەو مەعریفە و تێگەیشتنە، لە ڕوانگەی شەخسی و تاکەکەسیی خۆی و لە دەرەوەی جەغزی بەرتەسکی ئیدئۆلۆژی و سیاسەت و فەرهەنگ و نەریتی کۆمەڵگەو، لە دەرەوەی دوانە لێکدابڕاوەکانی خێر و شەڕی ڕەها، قووڵایی ئەو کارەساتانە بخوێنێتەوە، جگە لەوەش نووسەری کورد بەداخەوە ئەزموونێکی کەمی لە قەوارەبەخشینەوەو داهێنانەوەی ساتەوەختەکانی کارەسات بووە زۆر کەم زەرفییەت و قابلییەتەکانی ژانری چیرۆك و ڕۆمانی ناسیوە و لەژێر قورسایی مەینەتییەکاندا تووشی ماناخوازییەك بووە، کە هەوڵی پێویستی بۆ کەشف و دۆزینەوەی لایەنە جیاوازەکانی زمان و فۆرم و تەکنیك و شێوازە جیاوازەکانی گێڕانەوەی داستانی نەداوە. بۆیە بەشی زۆری گێڕانەوەکان لەبری ئەوەی ئاشکراکەر و شایەتیدەر بن، بەو مانایە کە پێشتر باسمکرد، کردەی بێڕەوشتانن. بەشێکی زۆر لەو بەرهەمانە کە بە مەبەستی گێڕانەوەی کارەساتەکان نووسراون، ئەوەندە ڕواڵەتی و ڕووکەشین و بە نواندنەوەی لایەنی دەرەکی و دیار و بەرچاوی کارەساتەکانەوە مەشغووڵبوون و لە گێڕانەوەی ڕەهەند و لایەنە دەروونی و نابەرهەست و زهنییەکان غافڵبوون، کە بەداخەوە لە گەمەکردن بەو دۆخ و ساتەوەختانە، کە مرۆڤی تێدا قوربانی کراوە و لە گەمەکردن بە خەم و ئازار و هەستی قوربانییەکان زیاتر هیچیان بەرهەمنەهێناوە. ئەو دوو ڕستە کە پێشتر بۆ نواندنەوەی ساتەوەختی ئیعدامکردن و کیمیاییکردن هێنامەوە و سەدان و هەزاران ڕستەی لەو بابەتە لەناو چیرۆك و ڕۆمانی تایبەت بە کارەساتەکان بەشێکن لە ئیفلیجی و گەمەکردن بە قوربانییەکان.

*سەرەکیترین داڵغەی نووسەری چیرۆك و ڕۆمان، لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم ژانرە ئەدەبیانەوە تا ئیمڕۆ، نواندنەوەی واقیعی مرۆڤ و کۆمەڵگەکەیان لە سەردەمی مۆدێرندا بووە. هەر بەو شێوە نووسەری کوردیش لە سەرەتاوە تا کۆتایی هەشتاکان، لەژێر کاریگەریی قوتابخانەی ڕیالیستی، ویستوویەتی بەرهەمەکەی ئاوێنەیەك بێت و واقیعەکانی کۆمەڵگەی کوردی بنوێنێتەوە.

بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەدەبی ریالیستی بەرهەمی زهنێکی مۆدێرنەو نووسەری کورد نەیتوانیوە لە فکر و فەرهەنگی نەریتی دەرباز ببێت و بە چاو و عەقڵییەتێکی مۆدێرنەوە سەیری مرۆڤ و کۆمەڵگەکەی بکات و کێشە و گرفت و قەیرانەکانی سەردەمەکەی بخوێنێتەوە، بۆیە لە نموونەی باشترین بەرهەمەکانیشدا بە کەمی پەردەی لەسەر هەموو لایەن و رەهەندەکانی مرۆڤی کورد و کۆمەڵگەی کوردی لەو سەردەمەدا هەڵداوەتەوە. بەرهەمەکانی ئەو قۆناغە کە بە زۆری لەژێر کاریگەریی بەرهەم و تیۆری ریالیستی سۆسیالیستیدان، ئەگەرچی لایەنی دیار و بەرهەستی سیمای ژیانی کورد دەنوێننەوە، بەڵام توانای خوێندنەوە و دەرخستنی قووڵایی کێشە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانیان نییە، بۆ نموونە کێشە و گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و خەباتی شێلگێرانەی نەتەوەی کورد بۆ ئازادی و مافی چارەنووسیش کە لەوپەڕی بڕەو و بەربڵاویدا بووە و خەڵك و نووسەران بەهایەکی زۆریان پێداوە، یان نەگێڕدراونەتەوە یان ئەوەندە رووکەشی و رواڵەتی گێڕدراونەتەوە کە مەجالی خوێندنەوەی قۆناغەکە بۆ خوێنەرانیان نارەخسێنن. لە پاش ئەو قۆناغەش، واتە لە سەرەتای نەوەدەکانەوە، کاریگەریی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی پاش راپەڕین و دەرکەوتن و ئاشکراتر بوونی قووڵایی کارەسات و تراژیدیا کۆمەڵایەتییەکان لەلایەکەوەو سەرهەڵدانی هەندێك کارەسات و رووداوی تازەی وەك شەڕی براکوژی و گەمارۆی ئابووری لەلایەکی ترەوە، بە گشتی رووبەڕووبوونەوەی خەڵك لەگەڵ کۆمەڵێك واقیع، کە هەرەسی بەو خەون و خولیایانە دەهێنا کە حیزب و تەنانەت ئەدەبی حیزبی و سیاسیش ساڵەها هەوڵی وێناکردنیان دابوو، نووسەری کورد وەك نوخبەیەکی ناڕازی لەو وەزعییەتە و وەك مرۆڤێکی سەرسام و داچڵەکیو لە ئاست قووڵایی ئەو کارەساتە کۆن و تازانە، لە نائومێدییەکی کوشندەدا تووشی دابڕان لە واقیع بوو، دابڕانێك کە وەك هەڵوێستی شەخسی لە هەڵاتن لە نیشتمان دەرکەوت و وەك داهێنانی ئەدەبیش رووی لە فەزاگەلێکی دوور لە واقیعی شێوە فانتاستیك و لە هەندێك حاڵەتدا ئەنیمەیشنی (کارتۆنی) کرد. هەروەها کە گوتم قۆناغی پاش راپەڕین قۆناغی دەرکەوتنی کارەساتە کۆنەکان و سەرهەڵدانی کۆمەڵێك کارەسات و کێشە و قەیرانی تازە بوو. زۆرینەی نووسەرانی کورد کاتێك لە بەرامبەر قووڵایی ئەم هەموو کارەسات و کێشە و قەیرانە کۆمەڵایەتییانە و لە گرێژەنە دەرچوونی ژیانی تاکەکان، هەستیان بە حەپەسان و دەستەوەستانی کرد، یان وازیان لە گێڕانەوەو نووسینی چیرۆك و رۆمان هێنا، یان وەك پێشوو خۆیان بە نواندنەوەی رووکەشیانەی رووداوەکانەوە سەرقاڵکرد، یان لەم واقیعە ئاڵۆز و پڕ لە کارەساتە دابڕان و هەوڵیان دا لە چیرۆك و رۆمانەکانیاندا فەزاگەلێکی (setting) ناواقیعی، مەجازی و فانتاستیك دابهێنن.

راستە کە سەیر و سەمەرەیی واقیعی کوردی –بە تایبەت لە باشووری کوردستان– جۆرێك لە گێڕانەوەی تایبەت و لە بونیادی خۆیدا نزیك لە گێڕانەوەی ریالیسمی جادوویی دەخوازێت، راستە کە ژیانی تاکی کورد و رووداوە کۆمەڵایەتییەکان

لە واقیعی خۆیاندا لە خەیاڵ و فانتازیا دەچن، بەڵام لەبیرمان نەچێت کە بناغە و ژێرخانی چیرۆك و رۆمانی ریالیسمی جادوویی یان ئەفسانەییش، ریالیسم و واقیع روانییە. چیرۆك و رۆمانی کوردی بەداخەوە مێژینەو پێشینەیەکی متمانەپێکراو و سەرنجراکێشی گێڕانەوەی بەڕاست ریالیستی نییە، زمانی کوردیش (بە تایبەت زمانی چیرۆك) هێشتا لە دالغەی پەتیبوون و پەتی نەبووندایە، ئەم زمانە بەتایبەت لە لایەنی پەخشانییەوە مێژوویەکی دوور و درێژی نڤیساری نییە و هێشتا قۆناغەکانی پەرەسەندنی نەبڕیوە، هێشتا زمانی ئاخاوتنی تاکە جیاوازەکان کە ئاشکراکەری زهنییەت و هەست و شعووری تاکە جیاوازەکان بێت لەژێر پۆستاڵی زمانێکی بە رواڵەت شاعیرانەی گشتی بێژدا پێشێل دەکرێت. ئەم زمانە لە پاش راپەڕین و بە هۆی دەرفەتێك کە بۆ پژانی رەخساوە تووشی جۆرێك لە بەرەڵایی و هەڵاوسان و فرەوێژییش بووە، لەبەر هەندێك هۆی تایبەت چیرۆك و رۆمان نەیتوانیوە رووپەڕێکی بەربڵاو لە توانای (بالقوە) و قابلییەتەکانی زمانی ئاخاوتن دەربخات. زۆرینەی نووسەرانی کورد هێشتا بە زهنییەتێکی نەریتی گشتی ڕوان و بڕوایەکی کۆنی فەلسەفەی خێر و شەڕییەوە سەیری مرۆڤ و رووداوەکان دەکەن، ئەوان تا ئێستاش لە گۆشەنیگای تاکەوە سەیری کۆمەڵگە ناکەن، بەڵکو بە بڕوا و بەهاکانی کۆمەڵەوە تاکەکان دەخوێننەوە و هەڵدەسەنگێنن. ئەم سێ ناتەواوییە، واتە نەبوونی پێشینەی چیرۆك و رۆمانی ریالیستی، گرفتی زمان و زهنییەتی نەریتی و دوور لە مۆدێرنی نووسەر، بەربەستێکی جیدی بوون لە بەرامبەر داهێنانی چیرۆك و رۆمانێك، کە بە سەداقەت و راستگۆییەوە شایەتی لەسەر مرۆڤ و کۆمەڵگە لە سەردەمێکی تایبەت بدات. ئەم سێ ناتەواوییە بۆنەتە هۆی ئەوەی کە کەسایەتی و رووداوی چیرۆك و رۆمانی زۆربەی نووسەرانی پاش راپەڕین، لە دۆخ و فەزایەکی «دەرزەمەنی» و «دەر شوێنی» یان **کەس نەزانی**—دا دەربکەون. فەزاگەلێکی وەهمی کە هیچ پەیوەندییەکیان بە زەمەن و شوێنی مرۆڤ و کۆمەڵگەی کوردییەوە نییە، لەگەڵ ئەمەشدا کۆمەڵێك چیرۆك و رۆمانی نووسەرانی بە ئەزموون و ئەزموونگەری ئەم قۆناغە هەیە کە ئەگەرچی بەهیچ شێوەیەك ناچنە خانەی وەهمی بینی و وەهمی نووسی بێبەهای ئەدەبییەوەو دەبێ وەك بەرهەمی جیدی حسابی تایبەتییان بۆ بکرێت، بەڵام ئەم بەرهەمانەش بە ئێجگاری لە خەسارەکانی ئەو سێ گرفت و ناتەواوییە دەرباز نەبوون. کەسایەتی و رووداوی ئەم چیرۆك و رۆمانانەش لەگەڵ واقیعی مرۆڤی کورد و واقیعی رووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەم سەردەمەی کۆمەڵگەی کوردیدا مەودایەکی زۆریان هەیە. ناچارم کە بە راشکاوییەوە بیڵێم هەندێك جار کەسایەتی و رووداو و فەزای چیرۆك و رۆمانە باشەکانیش ئەوەندە لە راستی و واقیعی مرۆڤ و کۆمەڵگەی کوردەوە دوورن، کە خوێنەری وشیار دادەچڵەکێنن. هەندێك جار نووسەری ئەم چیرۆك و رۆمانانەش دەڵێی لەگەڵ مرۆڤی دەورووبەر و رووداوی کۆمەڵگەکەیاندا نەژیاون. من سەرم سووڕدەمێنێت ئەگەر لەناو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەیەکی بەڵاڵێدراوی داڕووخاوی وەك کوردستان بتوانین نموونەی کەسایەتیی ئەم

چیرۆك و رۆمانانە ببینین. مرۆڤی بەشێك لەم چیرۆك و رۆمانانەش یان وەك مەلایکەتەکانی ئاسمان نموونەی خێری رەهان، یان وەك شەیتانی نەفرەتلێکراو نموونەی شەڕی رەهان. ئەم مرۆڤانە یان ئەوەندە دڵپاك و بێگەردن وەك پێغەمبەرەکان سێبەریان نییە، یان ئەوەندە خراپ و درندە و دڵڕەقن، کە تەنانەت پەڵەیەکی بە حاستەم سپیش لە رۆحی رەش و تاوانباریاندا بەدیناکرێت. ئەم مرۆڤانە لەوپەڕی ئاساییبوونیاندا یان وەك فەیلەسووفەکان دەئاخێون و تەنانەت بە منداڵیش بێ هیچ مەدرەسە و مامۆستایەك، وەك منداڵی پێشکەوتووترین کۆمەڵگەکان حەزیان لە مۆسیقای بیتهۆڤن و شیعری رامبۆ و شانۆی شکسپیرەو ئاگاداری فەلسەفەی رۆژاوایی و رۆژهەڵاتین، یان ئەوەندە گێل و گەوجن کە بە بەرژەوەندییە سادەو ساکارەکانی خۆشیان نافامێنن. ئەم مرۆڤانە، بەم تایبەتمەندییە چاك و خراپ و خێر و شەڕییەوە، ئەگەرچی ناوی کوردییان هەیە و بە زمانی کوردی دەئاخێون (ئەڵبەت بە زمانی نووسەرەکەیان نەك بە زمانی خۆیان) لە راستیدا مرۆڤی کۆمەڵگەی دواکەوتووی کوردی نین. من لە باشترین بەرهەمی ئەم دواییانەدا کاتێك رووبەرووی ئەم کەسایەتییانە دەبمەوە، کە بەپێچەوانەوە ئاستی خوێنەواری و پلەی کۆمەڵایەتییان وەك خەڵکی زانا و فەیلەسووف مەشرەب دەدوێن و بیر دەکەنەوە. لە خۆم دەپرسم: بەراست کۆمەڵگەیەك کە ئاساییترین مرۆڤەکانی ئەوەندە زاناو بیرمەند بن چۆن دەبێ ئەوەندە دواکەوتوو بێت؟!. رێگەم بدەن لێرەدا بیرەوەرییەك بگێڕمەوە، کە پەیوەندیی بە پرسیارەکەوە هەیە و نیشانەیەکە لە دابڕانی نووسەرانی ئەم قۆناغە لە واقیعی مرۆڤ و کۆمەڵگەی کوردی. ساڵی 1998 کە بۆ یەکەمجار هاتم بۆ هەرێمی کوردستان، لە سەردانێکی کورتدا بۆ شاری هەڵەبجە چەند بەسەرهاتێکی سەیر و سەمەرەم لە زاری خەڵکی ئەو شارە بیست، کە بەراستی لە هەموو بارێکەوە شیاوی ئەوەبوون ببنە بابەتی چیرۆك. کاتێك لەگەڵ کۆمەڵێك چیرۆکنووسدا دانیشتین و من لەو بابەتە دوام، هەموویان بە سەرسامی و عەجایباتییەوە سەیریان کردم و گوتیان چۆن دەکرێ ئێمە ئەو رووداوە واقیعیانە بنووسینەوە؟ ئەی خەیاڵ چ دەورێك دەبینێت؟ من پێموایە بەشێکی زۆر لە نووسەران تا ئێستاش بە هەڵە پێیان وایە دەوری خەیاڵ لەلای نووسەر ئەوەیە، کە مرۆڤ و رووداو و بەسەرهاتی سەیر و سەمەرە کە لە واقیعدا ئیمکانی دەرکەوتن و روودانیان نەبێت، دابهێنێت. لەکاتێکدا واقیع بە هەموو رەهەند و لایەنەکانییەوە سەرەکیترین سەرچاوەی داهێنانی چیرۆك و رۆمانە. گرینگیی کاری نووسەر لە کاتی رووبەڕووبوونەوەو نووسینەوەی واقیعێکی ئاوا ئینسانی و سەیر و سەمەرە، کە خۆی دۆخێکی هێماییینیشی هەیە ئەوەیە کە لە روانگەی خۆیەوە —کە بێگومان روانگەیەکی تاقانە و جیاوازە— ئەم واقیعە ببینێت و گرینگیی خەیاڵ لەوەدایە کە کۆمپۆزسیۆنێکی نوێ بە پارچە پارچەیی ئەم واقیعە ببەخشێت و لە فۆرمێکی نوێدا دەری بخاتەوە.

ماوەیەك لەمەوبەر رۆمانی «وتوێژ لە کاتدیڕال» بە قەڵەمی نووسەری بەناوبانگی پیرۆیی

«ماریۆ ڤارگاس یوسا»م دەخوێندەوە. نووسەر لەم ڕۆمانە قەبارە گەورەیەدا، وەك زۆربەی بەرهەمەکانی تری ئاوڕی لە بەشێك لە مێژووی هاوچەرخی وڵاتەکەی دابووەوە، کە سەردەمی دیکتاتۆری ژەنڕاڵ ئۆدریار (56 – 1948) تا حکوومەتی ڤیکتۆر بلائۆندە لە سەرەتای دەیەی 1960 دەگرتەوە. یوسا بە وردبینییەکی لەڕادەبەدەر و بە شێوازێکی نوێی گێڕانەوە، پەردەی لەسەر ژیانی دەیان کەسایەتی، هەر لە خەڵکانی سەر بە ئۆلیگارشی حاکمەوە تا خەڵکانی ئاسایی و دز و درۆزن و سۆزانی و شەرلاتییەکان هەڵدابووەوەو بەمشێوە سیمایەکی فرەلایەن و فرەرەهەندی لە وڵات و کۆمەڵگەکەی کێشابووەوە. من پاش خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانە و ئاشنابوون لەگەڵ کەسایەتییەکان، کە هەر کامەیان سەر بە چین و توێژێکی کۆمەڵگە بوون و بە فکر و زهنییەت و زمانی خۆیان و لە قەوارەی واقیعیانەی خۆیاندا دەردەکەوتن و هەڵسوکەوتیان دەکرد، هەستم کرد بۆ ماوەی چەند ڕۆژ لە پیرۆی ئەو ساڵانەدا ژیاوم و لەگەڵ بەشێك لە نەهامەتییەکانی ئەو سەردەمەدا دەستەویەخە بووم. بێگومان ئەمە تەنیا تایبەتمەندیی بەرهەمەکانی ماریۆ ڤارگاس یوسا نییە. خوێنەرانی کورد بەشێك لە ڕۆمانەکانی میلان کۆندێرای نووسەری بەناوبانگی چیکییان بە زمانی کوردی خوێندۆتەوەو بەهۆی ئەو ڕۆمانانەوە ئاگادارییەکی قووڵ و هەمەلایەنەیان لە ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگەی چیك لە سەردەمی دەسەڵاتداریی ڕژیمی تۆتالیتار و کۆمۆنیستیدا هەیە. «سەد ساڵ تەنیایی»ی مارکیز و زۆربەی هەرە زۆری ئەو بەرهەمانەی ئەمریکای لاتینیش کە بە شێوازی ڕیالیزمی جادوویی نووسراون، جگە لەوەی کە خوێنەرەکانیان بە ناخی واقیعە سەیر و سەمەرەکانی کۆمەڵگەکانی ئەمریکای لاتیندا شۆڕدەکەنەوە و سیمایەك لە کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابوورییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە وێنا دەکەن، کەسایەتییەکانیشیان وێڕای هەندێك زێدەڕۆیی ئەدیبانە لە تەمەن و توانا و تەنانەت هەندێك دەستکاری لە جەستەشیان، کەسایەتیی واقیعیانەی نە تۆخ سپی و نە تۆخ ڕەشی کۆمەڵگەی خۆیانن، زمان و زهن و فکر و هەڵوێستەکانیشیان لەگەڵ دۆخی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بنەماڵەکانیان و ئاستی خوێنەوارییان تەبا و گونجاوە. تەنانەت لە بەرهەمی نووسەرێکی گەورەی وەك فرانتز کافکاشدا کە کەسایەتی و ڕووداوی چیرۆك و ڕۆمانەکانی لە فەزایەکی فانتاستیکی (کەس نەزانی)دا دەردەکەون، ئەو کەسایەتی و ڕووداوانەن کە لە ناخ و جەوهەری خۆیاندا مرۆڤی ئۆروپایی و دۆخی کۆمەڵگە ڕۆژاواییەکان لە سەردەمێکی تایبەتدا دەنوێننەوە، بەڵام زۆرینەی چیرۆك و ڕۆمانی کوردی یان بێ ئەوەی بە ناخی مرۆڤ و ڕووداوەکاندا شۆڕببنەوە تەنیا سیمایەکی ئێجگار ڕواڵەتیی مرۆڤ و کۆمەڵگەی کوردی دەنوێننەوە، یان کەسایەتی و ڕووداوەکانیان هیچ پەیوەندییەکیان بە مرۆڤ و کۆمەڵگەی کوردییەوە نییە، ئەو کەمە چیرۆك و ڕۆمانەش کە بە قەڵەمی نووسەرانێکی جیدیی تر نووسراون، لەبەر ئەوەی زمان و زهنی نەریتی نووسەر بەسەر زمان و زهنی کەسایەتییەکانیاندا زاڵەو کەسایەتییەکان لەبری ئەوەی مرۆڤی واقیعی کۆمەڵگە بن، بووکۆکەی دارینە یان شووشەیی دەستی نووسەرن و ژیان و هەڵوێست و بیرکردنەوەیان نەوەك هی خۆیان، بەڵکو هی نووسەرە، نەیانتوانیوە واقیعی مرۆڤ و کۆمەڵگەی کوردی، بە هەموو ڕەهەندە دیار و نادیارەکانییەوە وێنا بکەن.

**مامۆستا جەعفەر:**

## چیرۆکی ئێمە نەیتوانیوە زمانێك بۆ خۆی بخولقێنێت!..



ئەگەر لەنێوان چیرۆکی هونەریی کوردیو رۆژئاواییو ئەمریکای لاتینیدا بەراوردێك بکەین، ئەوە ئاستی گەشەکردنی کولتوریو رووناکبیریی ئێمە بە روونی دەردەکەوێت. تەکنیکی نووسینی چیرۆك هەر زۆر دواکەوتووە: زمانی دارشتنو دەربرینو گەیاندنی هونەری لە ئاستی توانای زمانی کوردیدا نییەو کەم چیرۆکنووس توانیویەتی زمانی خۆی هەبێت.

نالی پێش نزیکەی سەدو هەشتا ساڵ توانیویەتی زمانی کوردی تا سنوری موستەحیل بەکار بهێنێتو هەر وشەیەك بە زۆرترین واتای جیاوازو مەبەستی ئاشکراو نهێنی بارگاوی بکات.. هێمنی موکریانی لە پەخشانداو بەتایبەتی لە پێشەکیی " تاریكو روون" دا ، ئەوپەڕی وەستاییو باڵادەستیی پیشانداوە.

چیرۆکی ئێمە نەیتوانیوە زمانێك بۆ خۆی بخولقێنێت. ئێمە کۆمەڵێك ئەزموونو هەوڵو تەقەلای جیاجیامان هەیە بۆ پێکهێنانی زمانی پەخشانو زمانی چیرۆکی هونەری، بەڵام زمانەکە لە قۆناغی رەنگگرتنو مەیینو پێکهاتنە، رەنگە دەیان ساڵمان بوێت تا زمانێك وەکو زمانی شکسپیر یان زمانی گوێتە یاخود دۆستۆیڤسکی لەدایك دەبێت.

زمانی گوێتەو شکسپیرو دۆستۆیڤسکی پێشینەیان هەیە، کافکا هەر یەکسەر دەستی نەداوەتە قەڵەمو قەسرو گۆڕانو دادگایکردن بنووسێت. ئەو ئەزموونی دەیان نووسەری گەورەی پێش خۆی لەبەردەستدا بووە. ئەو سوودی لە زمانی قانونو جیهانی قەزای ئەڵمانی وەرگرتووە. مرۆڤ هەر کارێکی کافکا بخوێنێتەوە یەکسەر ئەو رازە ئاشکرا دەبێت کە یەکێك ئەو دەقانەی نووسیوە لەناو برگەکانی قانوندا کولاوە.

نووسەرانی ئێمە بەزەحمەتو سەرئێشەیەکی زۆر فێری کوردی دەبن، فێربوونی کوردی یەکسان نییە لەگەڵ باڵادەستبوون لە رەوانبێژیی کوردیدا، رەوانبێژی بەتەنیا بەس نییە بۆ نووسین، ئەگەر نووسەر لە ئازارو برینی کۆمەڵانی خەڵکەوە نزیك نەبێت. بەداخەوە ئەوەی ئێمە لە ئەدەبی کوردیدا تێبینیی دەکەین هاوئاهەنگیو هاوتەریبی لەنێوان ئەدەبو رووداوە سیاسییەکاندا بەدی ناکرێت.

ئێمە ئەگەر رووداوە سیاسییەکان، قۆناغێك، وەکو مێژوونووس هەوڵدەدات لایەنە گەش‌و رەشەکانی بنووسێت، دەبینین رووداوە سیاسییەکان لە دۆڵێکن‌و دەقە ئەدەبییەکان لە دۆڵێکی تر: بۆ نموونە مێژوونووسێکی مۆدێرن لەسەر شێخ مەحمود بنووسێت لایەنی گەش‌و پرشنگدار دەبینێت، یەکەمین هەوڵی دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی‌و گەشەپێدانی خەباتی سیاسی‌و رۆژنامەوانی‌و هتد... کەچی دەبینین ئەدیبێکی هاوچەرخی شێخ مەحمودی حەفید قەڵەم وەکار دەخات رۆمانێکی وەکو (لەخەوما) دەنووسێت، کە تروسکاییەك رووناکیی بۆ دەسەڵاتی سیاسیی ئەو سەردەمە ناهێڵێتەوە.

سەردەمی کۆماری کوردستان "مهاباد" نەبۆتە هاندەر بۆ چیرۆکنووس‌و رۆماننووسی زۆر، یەك بەرهەم هەیە، کە چەمکێکی یادەوەریی ئەو سەردەمەی بەرجەستە کردبێت، ئەویش رۆمانی "پێشمەرگە"ی رەحیمی قازییە.

سەردەمی شۆڕشی ئەیلولیش هەمان شتە، چواردە ساڵ شۆڕش‌و خەبات کەچی کەم نووسەر توانیویەتی رووداوەکان لە رۆمانێکدا تەوزیف بکات، کاك "حسێن عارف" توانیویەتی رووداوەکانی رێکخستن‌و چالاکیی سیاسیی ناو شاری سلێمانی لە "شار"دا جێگا بکاتەوە، کەچی "چاڵی جەرگی پیرێژن" گۆشەیەکی کارەسات بەرجەستە دەکات.

بەڵام رووداوە دراماتیکییەکانی شەستەکان‌و حەفتاکان پاڵ بە رۆماننووسێکەوە نانێن لایەنێکی خەبات‌و قوربانی بکرێتە بەشێك لە گرێ‌و رووداوی رۆمانێك.

**توانا ئەمین:**

**هەقی ئەوەمان نییە هیچ نووسەرێك دادگایی بکەین لەسەر ئەوەی تەوزیفی کارەساتە زۆر گەورەکانی ئێمەی نەکردووە...**



پرسیارەکە کەمێك نامەنهەجییە! ناکرێ من لێرەدا ئاستی مەعریفیی یەك سوپا لە چیرۆکنووست پێ بڵێم، بۆ تەوزیفکردنی کارەساتی نەتەوەیی و مرۆیی لە چیرۆکدا لازم بە مەعریفە ناکات. ئێمە مەعریفەمان لە چیرۆکدا پێویست دەبێت بۆ شتێکی تر، کە دواتر قسەی لەبارەوە دەکەین. ئەو کەرەسەیەی بۆ ئەو بابەتەی جەنابت باسی دەکەیت زمان، بوێری، توانای گێڕانەوە، لەخۆڕا بینینە. تۆ بڕوانە

حیکایەتــەکانی داپــیرە چــەند جــوان و چــەند فەنتازی و چەند داستانین، خۆ داپیرەکانی ئێمە ئەلفیان لە با بۆ جیا ناکرێتەوە، کەچی دەتـوانن لەبەرامبـەر بابـەت و ڕووداوێکـی سـادە بـەڵام بـە زمانێکی شیعری، بە زمانێك خەیاڵ تـا ئەوسـەری دەتبات و ناتهێنێتەوە، ڕاتبگرن و وات لێبکەن تۆ نـەنوویت و گوێیـان لـێ بگریـت. ئەمـە سـیحری زمانە، من بڕوام وایە ئەگەر ڕۆژێك لێکۆڵینەوە لەو کەلەپوورو چیرۆکە ئەفسانەییانە بکرێت، ئـەوکات بـە ئـەنجامێکی سـەرگێژکەر دەگـەین، کـە پـیری ئێمە چ کارێکی چیرۆکنووسانەیان لـە حیکایەتـە میللییەکاندا کردووە، بەڵام بەداخەوە گوێزانەوەی ئـەم چـیرۆکانە بـۆ سـەر کاغـەز کـورتی هێنـاوە. ئەمــە ئیــشکالێکی گــەورەی ئــەدەبی وتــراو و ئەدەبی نووسراوی ئێمەیە!.

ڕاســتی ســـەرنجێکی تـــری مـــن لەســـەر پرسـیارەکە ئەوەیـە، کـە ئـەدەب بـە بـڕوای مـن فینۆمەیــەکی زاتییــە و نووســەر تێیــدا ڕۆڵــی خودایــەك لــە ئیختیارکردنــدا دەبینێــت، چــی دەکات؟ چی ناکـات؟ بـۆ دەیکـات؟ ئەگـەر بڕیـار بێـت ئـەو قـەرار بـدات لـە هەڵبژاردنەکانـدا ئـەوا ئیشی ڕۆژنامەنووس و خوێنەر نییە، نە بابەتی بۆ هەڵبــژێرێت، نــە بابەتیــشی بــۆ پێــشنیار بکــات. ئەگەر ئەسڵی ئـەدەب ئاوابێـت ئـەوە چـیرۆك لـە هەموو ژانرەکانی تر زاتی ترە. هێنـد زاتیـی، کـە دواجار لای مـن دەبێتـە خۆنووسـینەوە. ئـەدەب هــی ئــەوە نییــە تەڵــەبمان لێــی هــەبێت، دواتــر مــــەرجیش نییــــە هــــەموو ژانــــەکان هــــەموو ورووژاندنــەکان بەرهــەمیان لــێ بکەوێتــەوە. تــۆ ســـەیرکە کـــەوتنی ڕیـــشۆڵەیەکی مـــردوو لەســـەر جادەیــەك چ چــیرۆکێك بــە شــێرزاد حەســـەن دەنووسێ؟ ئەمە مانای ئـەوە نییـە ڕیشۆڵەیەکی مردارەوەبـوو چـیرۆکێك بـە نووسـەر دەنووسـێ، بەڵام ئەنفال پێی نانووسێ، ئەمە تێکەڵکردنێکـە، کـە ڕەگـەکانی وا لــە گوتــاری ناسێونالیــستی ئێمەدا. بیـست و پێـنج سـاڵێك لەمەوبـەربوو، کـە شۆڕش نووسەری دادەشۆری بە سەرکزو بەعـسی و جـاش و چـی و چـی، لەبـەر ئـەوەی "خەمـە نەتەوایەتییەکان نابن بە هەوێنی نووسینەکانی". درەنگ تێگەیشتن لەوەی دەکرێت نووسەر جاش و خۆفرۆشیش بێت، بەڵام بەڕاستی چیرۆکنووس بێت. خوێنەری باش بە گەزی ئەدەب و نائـەدەب تێکستێك پێوانە دەکات، نەك بـەوەی مـن چـیم و من کێم.

جارێکی تر ئەدەب هی داوالێکردن نییە، ئێمە هــەقی ئــەوەمان نییــە هــیچ نووســەرێك دادگـایی بکــەین لەســـەر ئــەوەی کەمتەرخەمــە بــەوەی تــەوزیفی کارەســاتە زۆر گــەورەکانی ئێمـــەی نـەکردووە. دەبێـت بازێـك بەسـەر ئـەم ڕوانینـەدا بـدەین، ئەوسـا دەزانــین چ ڕوانینێکـی کـورت و کوێرە بۆ ئەدەب. دەزانی دەکرێت بـەو ڕەقیـەوە مامەڵە لەگەڵ مێژوونووسدا بکەین و بڵـێین بـەڕێز ئەگـەر تـۆ ئـەو ڕووداوانـە یاداشـت نەکـەیت، بـیر دەچـنەوەو ناگەنــە دەسـت سـەدەکانی ئاینـدە. قەرزار دەبین بەرامبەر خۆمان، بەرامبەر ئەوانـەی لەگەڵمانــدا ژیــان و ڕۆیــشتن. ئەمــەمان لەگــەڵ هاوڕێیــانی مێــژوونووس پێــدەکرێت، بــەڵام خــۆ ناکرێــت کۆمــەڵێك چــیرۆکونوس بخەینــە ژۆرك شــۆڕپێکەوەو فێریــان بکــەین چــۆن شــەڕو ماڵکاولیەکان بنووسنەوە!.. ئەمە دەست خستنە ناو خەیاڵی خەڵکی ترە، هەر منداڵێك لەو خەیاڵـە ئیغتیصاب کراوەوە لەدایك ببێـت زۆڵـە، زۆڵ بـەو

مانایەی هەموو شتێکە، بەڵام داهێنانێکی ئەدەبی نییە.

هەرچی بەشی دووەمی پرسیارەکەیە، من لە دڵەوە تەمەننا دەکەم خاوەنی وەها ئەدەبێك نەبین. بۆ دەبێت چیرۆکی قۆناغێك هاواربکات، کە هی ئەو قۆناغەیە؟ تۆ واز لە ڕیزبەندی و پۆلێنە ئەکادیمییەکان بێنە. ئاخر قۆناغ لەگەڵ خۆیدا مەرگی خۆیشی دێنێت. ئەمە کاریسەکەیە هەمی ئەدەب ئەم خۆدیاری کردنە نییە، وەلێ بەداخەوە لای ئێمە هەر خوێنەرێك کەمێك وەعیی هەبێت کاتێك بەر چیرۆکێك دەکەوێت بە نزیککراوەی دەزانێت هی چ ساڵێکە. ئەمە ئەو خانانەن کە شێرپەنجەی چیرۆکی کوردییان هەڵگرتووە. لە حسێن حوزنی موکریانییەوە تا ئەمڕۆ ئێمە سەدان دەقی چیرۆکمان نووسیوە، بەڵام بیست لەو چیرۆکانە توانیویانە پارێزگاری لە تەمەنی خۆیان بکەن و بمێننەوە؟!... ڕۆحی کێشەکە لێرەدایە، ئێمە توانای بەرهەمهێنانی دەقی جاوید و نەمرمان نەبووە... ئەم کێشەیە لە مۆزیکیشدا هەروایە. چاوێکی خێرا بە چیرۆکی کوردیدا لە دەیەی هەشتاکاندا بگێڕەرەوە، بزانە ئەو چیرۆکانەی دوێنێ کەوتبوونە ژێر کاریگەرییان ئەمڕۆ مسقاڵێ ئیسارەمان دەکەن؟ نایکەن.. بۆ؟ بەشێکی ئەمە دەبەستمەوە بە وەڵامی پرسیاری یەکەمەوە، لەبەر ئەوەی زۆرێك لە چیرۆکی ئەو ڕۆژانە ڕووپۆشێکی خراپی ئایدیا باوەکانی ئەو ڕۆژانە بوون. کاتێك ئەدیبێکی مارکسی نووسیویتی ئەدەبەکەی مارکساوی بووە، تۆ ئێستا تاقەتی خوێندنەوەیت نییە. ئەم باسە بۆ ئیسلامییەك و ناسیۆنالیستێکیش هەروایە... ئایدۆلۆژیا ژیان بداتە هەر شتێك ناتوانێت بیداتە ئەدەب، چونکە بۆ خۆی لەڕووی هاتنە کایەوە ئایدۆلۆژیا هی سەردەم و وەختێکە و لە سەردەم و وەختێکی تردا پاشەکشێ دەکات، ئەنجام ئەدەبێکی بێگیان و مردارەوەبوو لەدوای خۆی بەجێدەهێڵێت، تا ئەو ئاستەی خوێندکارێکی زانکۆ لە ساغکردنەوەو لێکۆڵینەوەکانیشیدا بێزی و تاقەتی چوونە سەری نییە!.

تۆ بڕوانە دۆستۆیڤسکی، کە دەیخوێنیتەوە وادەزانی ئەمشەو لەماڵەکەی ئەودیوتەوە نووسراوە، هەست ناکەیت ئەمە هی سەدساڵ لەمەوپێشی سیبریایە! من بڕوام وایە ئەدەب دەبێت ژیان بکات، کە مرد ئیتر هی ئەوە نییە وەك ئەرشیفێکیش بچیتەوە سەری. لە حاڵێکی وادا مرۆڤ دەبێت داوای لێبوردن لەخۆی بکات، کە ڕۆژانێك بە دەقهایەکی وا ئیعجابی هەبووە. تۆ چۆن چیرۆکی پێش نەوەدەکان ناناسیتەوە؟! خەسڵەت و مۆرکەکەی ئەوەیە هیچی لا جێنەهێشتووی "هەڵبەت هەموویان نا" سەیری ئەو چیرۆکنوسە بەڕێزانە بکە، کە ماڵن بەسەر چیرۆکی کوردییەوە، بزانە تەکنیکی نووسینیان لە ساڵی حەفتاوحەوت و دوو هەزاروحەوتدا وەك یەك نییە؟ بزانە زمانێکی وەسفی ڕووت و خراپ و بابەتێکی تافیە زیاتر هیچی لایە تۆی پێ بوروژێنێت؟.

ئەدەبی ئێمە لە قەیرانێکی گەورەدایە، کە هەمان قەیرانی کۆمەڵایەتیی نێوان نەوەی نوێ و نەوەی پێشووە... ئەو شەڕەی ڕەخنە نەیکرد دەبێت ئەمڕۆ دەقەکان خۆیان بیکەن، لانی کەم دەقەکان بە یەکتر بڵێن بەڕێز ئێوە پێویستان بە ئەبەدێتە، بەڕێز ئیتر ڕێگە نادەین ئێوە خوێنەری

ساویلکە دروست بکەن و وابکەن خوێنەر بەشێك نەبێت لە تێکست، بەڕێز شەڕی پڕ جەهلی خۆتان مەفرۆشنەوە بە گەنج. نەوەی نوێی چیرۆك ئیشێکی قورسی لەبەرە، ئیشی کرینەوەی تاقەت بۆ خوێنەر. ئەو کات خوێنەری زیندوو بە شایانی ڕۆژ دەکارێت بۆ خۆی باری پڕ هیچی مێژووی ئەم ژانرەی ئەدەبی ئێمە بپێوێت.

**ئیسماعیل حەمەئەمین:**

## ئێمە تەنها لە تێکستە شیعرییەکاندا مێژوویەکی دوورودرێژمان هەیە!!..



خودی ئەم پرسیارانەی ئێوە ئیشکالیەت ئامێزە، لەوانەیە گرنگترین کێشەی من لەگەڵ ئەم جۆرە پرسیارانەدا ئەوە بێت، کە زۆر شمولین و دیاریکراو نین، پێناسەیەکی تایبەت نابەخشن تاوەکو ئێمە بە دیاریکراوی قسەی لەسەر بکەین. تەورەکەت زۆر شمولییەو دەکرێت لەم ڕوانگەیەوە بەگشتی هەوڵبدەین چەند ئیشکالیەتێکی ڕۆمانی کوردی دیاری بکەین.

یەکێك لەو ئاوڕدانەوانەی ئێمە لەم تەوەرەیەدا، قسەکردنە لەسەر (خودێکی گێڕەرەوە)، ئەو خودەی جیهان دەکاتە گێڕانەوەیەك، ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزەی لەنێوان (گێڕەرەوە یان ڕۆماننووس) و دنیای خۆیدا ڕایەڵکراوە. ئەو پەیوەندییەی نێوان خودێك دەیەوێت وڵاتێکی پڕ کارەسات و ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی بکاتە بابەتێك بۆ گێڕانەوە. لەم دەستپێکەوە دەبێت ئاوڕ لەو کێشە فیکرییانە بدەینەوە، کە ڕۆماننووسی کورد بە دنیای خۆیەوە دەبەستێتەوە، ئەو خودە چۆن سەیری دنیای خۆی و چواردەوری دەکات؟. ئێمە لە وڵاتێکداین ئاوسە بە کارەسات ، چ کارەساتێکی خودی و تراژیدیای خود بێت لەگەڵ خۆیدا، چ کارەساتە گەورە و مێژووییەکان بن، کە هەموو تەشکیلەی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و بوونگەرایی مرۆڤەکان دەخاتە کێشەبەندییەوە. ئیدی ڕۆماننووس لەنێو ئەم گەرموگوڕییەی ڕووداو و کارەساتدا گەورە دەبێت. لەنێو ئەم هەموو ڕووداوانەدا ئەو پرسیارەی ئەمڕۆ دەکرێت ئەوەیە، بۆچی ئاستی بەرهەمهێنانی ڕۆمان بە بەراورد بە گەرمیی ڕووداوەکان لاوازە؟!. لەوانەیە یەکەم ئاوڕدانەوە کێشەی ئەوەمان هەبێت، ئێمە کولتورێکی دەوڵەمەندمان نەبێت لە تێکستی ڕۆمان، تەنها لەم ساڵانەی دواییدا نەبێت، ئەمانەش گەر بیر لە بەها ئەدەبییەکەی بکەینەوە، ئەو کەڵەکەبوونەمان بۆ دەردەکەوێت،

کە دوور لە ماناکانی جوانی و بەرهەمهێنانی مانای ئەدەبی و ڕۆحیی تێکستی ڕۆماندا بوونی هەیە، کەڵەکەبوونێك زۆریان تەنها بەناو دەچنە نێو خانەی ڕۆمانەوە، ئیدی وەکو ڕۆمان پێناسەکردنی کێشەمان بۆ دروست دەکات. بەجۆرێکی تر ئێمە لە بەرامبەر خودێکی ڕیوائییانەی هیلاکداین، وەکو ئاماژەمان پێدا مێژوویەکی دووورودرێژی نییە، زەوییەکی زمانەوانیی دوورودرێژی نییە، کە بتوانێت تەجاوزی بکات، ئەمەش گەورەترین کێشەیە، کە ئەویش نەبوونی مێژوویەکی دوورودرێژی (هونەری گێڕانەوە) و تێکستی نووسراوە. بەمانای ئێمە تەنها لە تێکستە شیعرییەکاندا مێژوویەکی دوورودرێژمان هەیە. ڕۆماننووس خۆی لەبەردەم کایەیەکی لاوازی، مێژوو کورتی، لاواز دەبینێتەوە، ئەمەش کاریگەریی هەیە بۆ سەر شێوازی نووسین و بیرکردنەوەی ڕیوائییانە. با نموونەیەکی ئاسان بهێنینەوە، بەوەی هەمیشە لە ڕۆژئاوادا کولتورێکی دەوڵەمەندی هونەری گێڕانەوە بوونی هەبووە، هەر لە قوتابخانەوە قوتابی ئاشنا دەبێت بە کلاسیکیاتی ڕۆمان، بە هونەری ڕۆمان، بە قسەکردن لەسەر ڕۆمان، بەشیکردنەوەی ڕۆمان و تاقیکردنەوە و نمرەوەرگرتن لەسەر هونەری ڕۆمان. لەبەر ئەم هۆکارانە مرۆڤ لەو کۆمەڵگەیانەدا تەمەنێکی دوورودرێژ لەگەڵ هونەری گێڕانەوە بەسەر دەبات، توانای گێڕانەوەی هەمەلایەن و هەمەڕەنگی لەخودی خۆیدا هەڵگرتووە، کە کاریگەریی هەیە بۆ سەر کایەکانی دیکەی ژیانی. هێزی تەعبیرکردن لەم خاڵەوە زمانێکی گێڕانەوەی لەخۆگرتووە. لێرەوە ئەو خودە ڕۆمانییەی لەنێو ئەو سامانە دەوڵەمەندە پەروەردە دەبێت، خودێکی ئاوسە بە زمان و بە ئاوێتەکردنی کێشە قوڵەکانی ئینسان و کۆمەڵگە.

بەم شێوەیە هونەری ڕۆمان پابەندە بەو چەندایەتیی چۆنایەتییەی تێکستەکانی گێڕانەوە (چیرۆك، ڕۆمان، نوڤێلا و بیرەوەری و ئاوتۆ بیۆگرافی)، ئەمە لەنێو ئێمەدا تاوەکو ئەم ساڵانەی دوایی زۆر لاوازو مێژوو کورتبووە، لە ئێستاشدا ڕیتمێکی خاوی هەیە لەڕووی داهێنانەوە، چونکە گرنگە بۆ نووسەر بەسەر ئەو سامانەدا بکەوێ، ئەمە لەڕووی سایکۆلۆژی و زمانەوانییەوە توخمە سەرەکییەکانی ئەو خودە ڕیوائییانەیە کە لەسەری وەستاوە. ئەمە جگە لەوە چەمکی شار و بەشاریبوون و زاڵبوونی ئەقڵی خێڵەکی و نەبوونی شاری گەورە و میترۆپۆلی زەبەلاح، کاریگەریی هەیە بۆ دروستبوونی ئەم زاتە ڕۆماننووسە. سەفەرکردن و بۆهیمییەت و ئیندڤیدوالییەت و تاکڕەوی و خودڕەوی بە کولتوری ئێمە نامۆیە. ئێمە تەنانەت مامەڵەکردنیشمان لەگەڵ نووسەرکانمان لەسەر ئەو بنەما کۆلێکتیڤی و دەستەجەمعی و گەلەکۆمەکییە بەنێو ئەدەبیەدا هەڵدەسوڕێ، لەم خاڵانەوە ئەرکی ڕۆماننوسی کورد گرانتر و دژوراترە، وەك لە ڕۆماننووسێکی ئەمریکای لاتین یا وەکو ئەورویی و ئەمریکایی. ئەو لەسەر زەوییەکی فشەڵدا هەنگاو دەنێت، ئەو لەنێو بۆشاییەکی گەورەدا پێمەلەیەتی، ئەرکی ئەو نەك تەنها بەرهەمهێنانی ڕۆمان نییە، بەقەد ئەوەندەی ئەرکی دروستکردنی خوێنەری ڕۆمانیشە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا کێشەبەندییەکە، بەوەی هێشتا خوێنەری ڕۆمان

و هونەری چیرۆك دروست نەبووە، هێشتا خوێنەر لە دروستبووندایە، کە نێوەندە گەلەکۆمەکییەکی ئێمە ئەم چیرۆکنووس و ئەو ڕۆماننووسە (بەدزی کردن) تۆمەتبار دەکەن و خوێنەر بەو کێشە عەجاییبانەوە سەرقاڵ دەکەن.. ڕۆماننووسی داهێنەر ئازیزم لەنێو ئەم هەموو فەوزا و کێشانەدا کار دەکات و جێگەی ئاماژەشە بڵێن بە بەراورد بەو کێشە و زۆرانبازییانەی باسمانکردن، خەریکە هونەری جەنگ دەبێتە دەم و چاوی دیاری نەوەی ئێمە.. نەوەی جەنگ.

## سابیر ڕەشید:

**چیرۆکنووسانی کورد توانیویانە سەردەمی خۆیان بنووسنەوەو تەنانەت کارەساتە مرۆییەکانیش تەوزیف بکەن.**



بێگومان هەموو نووسینێك دەربڕی ئێش و ئازارو ئەو ڕووداوانەن کە سەردەمی دەقەکەی تێدا نووسراوە، بەتایبەتی ژانری چیرۆك و ڕۆمان، کە لە ئەدەبی کوردیدا هەر قۆناغێکی چیرۆکی کوردی مۆرك و خەسڵەتی تایبەتی خۆی پێوە دیارە، بۆ نموونە قۆناغی سەرەتاکانی چیرۆکی کوردی بە هەقایەتئامێزی دەناسرێتەوە. قۆناغی چل و پەنجاو تا ناوەڕاستی شەستەکان بە قۆناغی پەنابردن بۆ ڕووداوی کۆمەڵایەتی، وەك مەسەلەی نەخوێندەواری و کێشەی جووتیارو دەرەبەگ و چەوساندنەوەی ئافرەت و کێشەکانی نێوان لادێ و شار دەناسرێتەوە. قۆناغی شەستەکان بەدواوە بە قۆناغێکی ئەدەبی بەرگری و بیری نەتەوایەتی دەناسرێتەوە، ئینجا لە دەیەی حەفتاکاندا نوێخوازیی چیرۆکی کوردی دەستپێدەکات، ئەگەرچی لە ساڵانی شەست و هەشت و شەست و نۆش چەند هەوڵێکی دیکە هەبووە و بگرە لە قۆناغەکانی پێشتریش هەوڵی تری نوێخوازی دەبینرێ. مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە هەر قۆناغەو هەر سەردەمەو بۆنی خۆی لێدێ، بۆیەش چیرۆکەکە چۆنیەتیی ئەوکات و سەردەمەی خۆی دەنووسێتەوە، واتە چیرۆکنووس سەردەمی خۆی تۆمار دەکات، وەك محەمەد مەولود– مەم کاتێ کە باسی ئەزموونی چیرۆکنووسیی خۆی دەکات دەڵێ (چیرۆکنووس شاهێدی سەردەمی خۆیەتی). من کاتی خۆی لەسەر (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار بەگی جاف نووسی، لەوێ پرسیاری ئەوەم کردبوو ئاخۆ نووسەر لەو سەردەمەی کە ئەم ڕۆمانەی تێدا نووسیوە دەبێ لای نووسەرانی کورد بیری نووسینی ڕۆمان هەبووبێت؟ من لەوێ گەیشتوومەتە ئەو ڕاستییەی کە بیرۆکەی نووسینی ڕۆمان هەبووە، بەڵام بارودۆخی تایبەتی کورد وای کردووە کە نووسەرانی کورد بە شیعر ئەوەی هەیانە دەرببڕن.

ئینجا دێمەوە سەر ئەسڵی پرسیارەکەو دەڵێم: چیرۆك لەبەر ئەوەی لە واقیع دادابڕێت، بۆیە تاڕادەیەکی باش چیرۆکنووسانی کوردیش توانیویانە سەردەمی خۆیان بنووسنەوەو تەنانەت کارەساتە مرۆییەکانیش تەوزیف بکەن.. مەگەر ژیانی میللەتەکەمان هەمووی کارەسات و تراژیدیا نەبێت.. کەواتە چیرۆکنووس ناتوانێ لە سەردەمەکەی دابڕێت.. تۆ وەرە ڕۆمانی (ژانی گەل)ی برایم ئەحمەد بخوێنەوە، دەبینی کارەساتی بەردەرکی سەرای سلێمانیمان بۆ تەوزیف دەکات.. ڕۆمانی (ڕێگا)ی مەم کارەساتەکانی هەژاریو نەداریی میللەتی کورد تەوزیف دەکات لە سەردەمی ئینگلیزو عوسمانییەکان و تراژیدیای برسێتی و گرانیی میللەتی کورد تۆمار دەکات.. (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار جافیش بۆ سەردەمی خۆی و تەنانەت (لەخەوما)ی (جەمیل سائیب)یش تۆماری ئەو مێژووەن، کە ئەو ڕەخنە لە حکومەتەکەی شێخ مەحمود دەگرێ و باسی کەموکورتییەکانی ئەوکات دەکات.. ئیتر نموونە زۆرە، جا وەرە باسی چیرۆکنووسانی نوێخوازی ڕوانگەو دوای ڕوانگەش هەر ڕەنگدانەوەی مێژووی ڕەشی پێش نووسینەکانن، بەڵام لێرە تەکنیکی هونەری و شیوازی گێڕانەوە لە چیرۆکنووسێکەوە بۆ چیرۆکنووسێکی دیکە دەگۆڕێو جیایە.. وەرە چیرۆکەکانی حسێن عارف و کاکە مەم بۆتانی بخوێنەوە، کە هەردووکیان چیرۆکنووسی دیاری ڕوانگەن، دەبینی ناوەڕۆکی چیرۆکەکانیان لە ڕووداوی کۆمەڵگەی کوردەواری و کارەساتە مرۆییەکانی سەردەمی خۆیان بەدەرنین.. تەنانەت نوێخوازانی وەك لەتیف حامید و ئەحمەد شاکەلی و سەدرەدین عارف و...تاد ئەوانیش ئەگەرچی بەشێوە ئەوپەڕی نوێخوازن، بەڵام بەدەرنین لە ئێش و ئازارو ژانەکانی میللەتی کورد، وەرە چیرۆکنووسانی ساڵانی هەشتاکان و تەنانەت نوێخوازانی دوای ڕاپەڕینیش لەگەڵ شێوازی نوێ و بەکارهێنانی فانتازیاو خەیاڵی قووڵی خۆشیان ناکرێ ئەو کارەساتە مرۆییانەی لێ هەڵماڵین، کە بوونەتە هۆی دەربڕینی ئەو هەناسە تراژیدیا ئامێزانەیان، تەنانەت نەشیانتوانیوە لەئاست ئەو کارەسات و ڕووداوانە بێدەنگ بن، ئەگەرچی لە شێوازی نووسین و تەکنیکی گێڕانەوەشیاندا ئەوپەڕی نوێخوازبن.. نموونەی ئەم چیرۆکانە زۆرن، کە دەکرێ وەك بەڵگە بهێنرێنەوە لە ئەدەبی کوردیدا، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە تا ئێستاکە، بەڵام ئەمە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی و وردبینیی پێویستە، بۆیە ناتوانم ناوی چەند چیرۆکنووسێك بهێنم و ئەوانی تریش فەرامۆش بکەم، چونکە چیرۆکی کوردی بەگشتی مۆرك و خەسڵەتی سەردەمی خۆی هەڵگرتووەو هەڵگری یا سەرچاوەی نووسینی ئەو کارەساتە مرۆییانەن، کە لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریماندا ڕەنگی داوەتەوە و زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمە ئەدەبیەکانیشمان بەتایبەتی چیرۆك و ڕۆمانی کوردی کارەسات و تراژیدیای سەردەمی خۆیان لەنێودا دەدۆزرێتەوە، ئەگەرچی هەوڵی دیکەش هەیە کە بەدەرن لە ڕووداو و کارەساتەکانی کوردەواری، بەڵکو دەقی واشمان هەیە کە گوزارشت لە چرکەساتی مرۆیەك یا هەڵوێستێکی دیاریکراو یا ڕووداوێکی ڕۆژانەی زۆر ساکار دەکات، بەڵام ئەم

ڕووداو و سەردەمەی لەنێودا نادۆزرێتەوە، بەڵکو بە دەقێکی ئەدەبیی جوان دەناسرێتەوە. ئەم دەقانە جگە لە چیرۆك و ڕۆمان لە ژانرەکانی دیکەشدا بەدیدەکرێن.

لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم ئەگەرچی ئەو ڕووداو و کارەساتانەی بەسەر کورددا هاتوون ئەوەندە گەورەن و ئەگەرچیش زۆر لەم ڕووداو و کارەساتانەی لای چیرۆکنووسانی کورد تەوزیفکراون، وەلێ بەڕای من چیرۆکەکە لەڕووی هونەرییەوە گرنگە، ئەگەر چیرۆکەکە وەك ڕاپۆرتێك ئەم یاداشت و کارەساتانە تەوزیف بکات ئەوە هیچی لە هونەری چیرۆکنووسەکەو چیرۆکی کوردی زیاد ناکات، لەڕووی هونەری و ئیستاتیکاوە، بەڵکو بە کۆپییەکی خراپ دەمێنێتەوە. خۆ ئەوسا کتێبەکانی مێژوو بخوێنینەوە باشترە.. بەڵام گرنگ ئەوەیە چیرۆکنووسی کورد تا چەند دەتوانێ لە ئاست ئەم کارەساتانەدا بێت و لەهەمان کاتیشدا لەڕووی هونەرییەوە ڕووی ئەوەی هەبێت کە وەرگێڕدرایە سەر زمانە زیندووەکانی دنیا بە ئەدەبیاتێکی سەرکەوتوو دابندرێت، نەك تۆمارێکی لاوازی مێژوویی، ئەگەرچی من ئەو دەقانەشم زۆر خوێندوونەتەوە لەلای چیرۆکنووسانی کورد، کە ئەگەرچی بە سادەیی و ساکاریش نووسراون، وەلێ شیعریەتی دەقەکەو ئیستاتیکاو جیهانبینیی نووسەرەکە لەم ئاستەدایە کە چیرۆکی کوردیی پێ بناسرێتەوە، وەلێ خوێنەری زیرەك و ڕەخنەگرو توێژەرەوانی بواری چیرۆك و ڕۆمانی کوردی دەبێ ئەو دەقانە بدۆزنەوەو جوانتر بە خوێنەری کوردو دونیای بناسێنن.